# ڕۆڵی ژن لە گەشەسەندنی لایەنی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان (1981- 1992)

**سەلام عەبدوڵڵا عومەر[1]، هیوا حەمید شەریف[2]**

[1،2] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، یەکێکە لە پارتە دیارەکانی باکوری کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی 1978دا، جەختی لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکردەوە، بۆیە لەگەڵ دەستپێك و ڕاگەیاندنی خەباتی سیاسی، بایەخ و ڕۆڵی تەواویان بۆ ژن دانا، بە شێوەیەك باوەڕیان وا بو، کە هیچ پارت و ڕێکخراو و شۆڕشێك بەبێ بەشداریی ژن، سەرکەوتو نابێت. لەو سۆنگەیەوە بە درێژایی مێژوی پەکەکە بەشداریی ژن لە ناو پارتەکەدا، لە هەڵوێست و بڕیاردا بەرچاو و دیارە. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی شیکاریی مێژویی، بەراوردکاری و هەڵهێنجان بەستووە، بە خستنەڕوی زانیارییەکان و بەراوردکردن و لێکدانەوە و شرۆڤەکردن، هەروەها ڕاستکردنەوە و بەهێزکردنی ڕوداوە مێژوییەکان، پاڵپشت بە چاوپێکەوتنەکان، لە لایەکی دیکەوە خوێندنەوە و لێکدانەوە لەو شوێنانە کراوە، کە پێویست بووە. ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە، دەرخستنی توانا و ڕۆڵی ژنانە لە ناو پەکەکەدا، کە ئەمەش لە بەرەنجامی گۆڕینی بیرۆکەی یەکسانەبونی ژن و پیاوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە کۆتاییدا بووە هۆی گۆڕینی عەقڵیەتی پیاوان و تێڕوانینیان بۆ ژنان، ئەمەش بووە هۆی بەشداریی سەرکەوتووانە و کارای ژنان لە پاڵ پیاواندا، بە شێوەیەك لە ڕیزەکانی پێشەوەی شەڕیش ژن و پیاو بە یەکەوە هەمان ڕۆڵدەبینن.

وشەکلیلییەکان: ژن، ڕۆڵی ژن، پەکەکە، خەباتی چەکداری، عەبدوڵڵا ئۆجالان.

## پێشەکی

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ساڵی 1978 بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دامەزرا، ئەو پارتە جیا لە هەوڵدان بۆ ئازادیی کوردستان، بایەخی تەواوی بە پرسی ژن لە کۆمەڵگە دا، بە جۆرێك ئازادبونی کۆمەڵگەیان بە بەشداریی کارای ژنان پەیوەستکرد، لەبەر ئەوە لە نێو سەرجەم سێکتەرەکانی ئەو پارتەدا ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە، بە شێوەیەك ڕۆڵی گرنگیان لە گەشەسەندنی لایەنی چەکداریی پارتەکەدا هەبو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** لەنێو پارتە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا، هیچ پارتێك بە ئەندازەی پەکەکە بایەخی بە ژن و پێگەیاندنی ژنان، لە سەرجەم لایەنەکانی ژیان، نەداوە، بە تایبەتی لە بواری چەکداری، کە لە ئەنجامدا ژنان لە نێو پەکەکەدا توانییان ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەر ببینن و چالاکی لە بەرانبەر تورکیا ئەنجام بدەن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی بەو باوەڕە بگات، کە لە مێژودا ژنان خاوەن ڕۆڵ و پێگەی کاریگەر بوون، هەر کاتێك ویستبێتیان کاریگەریی خۆیان نیشانداوە. لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵدراوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی ژن لە گەشەسەندنی لایەنی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان (1981- 1992) بکرێت و ئاستی خەبات و تێکۆشانیان بخرێتەڕو، هاوکات ئاماژە بۆ ڕێژەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ژن لەناو ئەم پارتە سیاسییەدا بکرێت،کە تا چەند توانیویەتی لە ئاست و ڕادەی پیاو کەمتر نەبێت و ئەو عەقڵیەتە بگۆڕێ و بزانن کە ژنان هاوشان و هاوتەریب لەگەڵ پیاواندا دەتوانن سەرکەوتو بن، تەنانەت لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەباتی چەکدارییشدا، دەتوانن هەمان ڕۆڵ ببینن.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی شیکاریی مێژویی، بەراوردکاری و هەڵهێنجان بەستراوە، بە خستنەڕوی زانیارییەکان و بەراوردکردن و لێکدانەوە و شرۆڤەکردن، هەروەها ڕاستکردنەوە و بەهێزکردنی ڕوداوە مێژوییەکان پاڵپشت بە چاوپێکەوتنەکان، لە لایەکی دیکەوە خوێندنەوە و لێکدانەوە لەو شوێنانە کراوە، کە پێویست بووە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:** بێگومان نوسینی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە بێ گیروگرفت نابێت، بەڵام ئەوەی لە کاتی نوسینی توێژینەوەکە وەك گرفتێك ڕوبەڕوی توێژینەوەکە بووەوە، ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرایەتیی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦ شوبات ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٣ ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٥ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: salam.abdwlla1981@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ سەلام عەبدوڵڵا عومەر، هیوا حەمید شەریف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp137-146

پارتی کرێکارانی کوردستان ئاسان نەبوو، تا لە ڕێگەی گفتوگۆوە زانیاریی نوێ بۆ توێژینەوەکەمان بەردەست بخەین، لە لایەکی دیکەوە کەمیی بەردەستبوونی بەڵگەنامە و زانیاریی ورد، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەوەی کە پەکەکە وەك پارتێکی سیاسی خراوەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، بۆیە سەرکردایەتیی پەکەکە ناخوازن بەڵگەنامە بخەنەڕو، بۆ ئەوەی نەگاتە دەست نەیارانی ئەو پارتە.

**گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پشتی بە چەندین سەرچاوەی جیاواز و جۆراوجۆر بەستووە، هەروەها ئەدەبیاتی پەکەکە و بڵاوکراوەی پارتەکە سەرچاوەی گرنگ و بەردەست بووە بۆ نوسینی توێژینەوەکەمان. لە لایەکی دیکەوە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاریی نوێ و یەکلاکردنەوەی چەندین بابەت، چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو پەکەکە ئەنجامدراوە، لەوانە: بەسێ هۆزات، هاوسەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەریی کەجەکە. سۆزدار ئاڤێستا، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کەجەکە و چەندانی دیکە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازە و سێ باس پێکهاتووە. دەروازە، بە ناونیشانی: پەکەکە و بایەخدان بە تواناکانی ژنان، بە خێرایی باسی لە گرنگیدانی پەکەکە بە ژن کراوە، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتەکەوە ژنان بەشدارییان تێدا کردووە. باسی یەکەم، بە ناونیشانی: ڕاهێنان و پەروەردە بنەمای سەرەکیی ئامادەکاریی ژنان بۆ چالاکیی چەکداری، کە تێیدا باس لە سەرەتاکانی ڕاهێنان و پەروەردەی ژنان بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە ریزەکانی پێشەوەی شەڕ کراوە. باسی دووەم، بە ناونیشانی: ڕۆڵ و بەشداریی ژن لە چالاکییە چەکدارییەکان، تێیدا باس لە بەشداربوونی ژنان لە چالاکییە چەکدارییەکان کراوە. باسی سێیەم، بە ناونیشانی: پەرەسەندنی ڕۆڵی چەکدارانەی ژنان، باس لە بایەخدانی پتری پارتەکە بە ژن کراوە، ئەمەش پەیوەندیی بە زیادبوونی ژنان لەنێو پارتەکەوە هەیە، لەو سۆنگەیەوە هەوڵدرا ڕێکخستنی تایبەتی خۆیان هەبێت. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دانراوە.

## ١. پەکەکە و بایەخدان بە تواناکانی ژنان:

ئەگەر ژن وەك ڕەگەزێکی سیاسی لە خەباتی پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا ئامادەیی هەبێت، ئەوا ئەم تایبەتمەندییە لای پەکەکە تەواو جیاوازە، چونکە هەر لەگەڵ دەستپێکی ڕاگەیاندنی ئەو پارتە ئامادەییان هەبوە. پشتبەستنی پەکەکە بە ڕەگەزی ژن لەسەر بنەمای ئازادکردنی ژنە لە دابونەریت و ئەوەی خۆیان لە ئەدەبیاتی پارتەکەدا ناویانلێناوە کۆتوپێوەندە کۆمەڵایەتییەکان، بە جۆرێك بە چەمکە شۆڕشگێڕییەکەی پەکەکە، ڕوانینێکی ڕزگاریخوازانەی ژنە و بەشداریپێکردنیەتی لە پرۆسەیەکی فراوانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییدا، کە ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندیی و تێڕوانینەیە، بە ئێستاشەوە، لای زۆربەی پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەدی ناکرێت، هەر بۆیە پەکەکە توانیویەتی لە ڕێگەی بەشداریی ژن لە خەباتە سیاسییەکەیدا، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ببێتە خاوەن جۆرێك لە دونیابینیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی ژن (عەبدولکەریم، ژ 18- 19، 2013: 92- 93). دیارە پەکەکە سەبارەت بە مافی ژنان خاوەن پرەنسیپە، ئەمەشی تەنیا گوتە نییە، بەڵکو لە واقیعییەتی ژیانی پارتایەتیدا جێبەجێی کردووە، ئەمەش دەرەنجامی ئەو شۆڕشە ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییەی ئۆجالانە، کە ژنان هاتنە نێو شۆڕش و پەرەیان پێدرا (چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن جودی، کەرکوك، 2023/2/5).

پەکەکە پێداگیری لە پرسی ئازادیی کۆمەڵگە دەکاتەوە، واتە لەسەر ڕاستکردنەوەی کۆمەڵگە، بەپێی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، ژن وەك سۆبژەیەك لەخۆ بڕوانێ، خۆی بێ و پاشکۆ نەبێت و بتوانێت خۆی پێناسە بکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ژن لە ڕوی ئایدیۆلۆژی، ئابوری، سیاسی، هونەری و کولتوری گوزارشت لە خۆی بکات، دیارە ئەو مافی خۆ پێناسەکردنەش بە پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان مسۆگەر دەکرێت (جودی، 2022: 193). لە ڕاستیدا پەکەکە جیاوازتر لە پارتە سیاسییەکانی دیکەی کورد ڕوانیویەتی و دید و تێڕوانینی سەبارەت بە پرسی و ئازادی و ژن بەیەکەوە گرێداوە.

ئەم بۆچوونانەی پەکەکە، لە سەرەوی هەمویانەوە عەبدوڵڵا ئۆجالان، هۆکارێکی سەرەکی بوو، تا لە دامەزراندنی پارتەکەدا لە 26 و 27ی تشرینی دووەمی ساڵی 1978دا دو ژن بە ناوەکانی: (ساکینە جانسز)[1] و (کەسیرە یەڵدرم)[2] بەشدار بن (جودی، 2008: 232؛ غەریب، ب 4، 2021: 175). ئەگەرچی ڕێژەی بەشداربونی ژن لە نێو 22 کەسدا کەم بووە، بەڵام ئەمە وەرچەرخانێکی گرنگ و قەڵەمبازێکی گەورە بو لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستاندا، بە تایبەتی لە نێو سیستەمی نوێی پارتی کوردیدا. لە ڕاستیدا بەشداربونی ژن لە دامەزراندنی پارتێکی وەك پەکەکە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ژنان و خۆدۆزینەوەی ژنان لە پێگەی خۆیدا، چونکە وزەی ژن لە وزەی پیاو ناچێت، ژن سازش لەسەر هەست، وشیاری، چاودێری و مەعریفەی ناکات، لەبەر ئەوە کاتێك ژن دەبێتە خاوەن بڕیار، کۆمەڵگەیەکی ئازاد بەرهەم دێت (تروسکە، ژ 139، 2015: 1؛ مەرگەیی، 2016: 98؛ قەرەداغی، ژ 164، 2717: 30). لەوە بەدواوە چەند ژنی دیکە بەشداریی ئەو پارتە دەکەن، لەوانە: یڵدز، قەدریە و دیلان، ئیدی ئەمە دەروازەیەکی باش بو، تا پەکەکە سود لە توانای جەستەیی و عەقڵیی هەزاران ژنی کورد وەربگرێت، چ لە چوارچێوەی پارتە سیاسییەکەدا بن، یاخود لە دەرەوەی پارتەکەدا (عەبدولکەریم، ژ 18- 19، 2013: 93؛ جانسز، ب 1، 2022: 606).

بەم شێوەیە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ئۆجالان ژنانی وەك هاوڕێ و هەڤاڵی خۆی دەستنیشان کردووە و لە هەر قۆناغێکی تێکۆشاندا و لە هەر شوێنێکی ڕێکخستندا، ڕۆڵی پێشەنگایەتیی بە ژنان داوە، لەم چوارچێوەیەدا بەشداری و پێشکەوتن و ڕۆڵی بەڕێکخستنی بوونی ژنی لەو بوارانەدا پێکهێناوە (ئارارات، ژ 43، 1393: 32).

بەشداریی ژنان لە دامەزراندنی پەکەکە و دواتر پەیوەندیکردنیان بەو پارتە، وەك باسکرا، بونی هەر یەك لە کەسیرە یەڵدرم و ساکینە جانسز قەڵەمبازێکی گرنگ بو لە بارەی بەشداریی ژنان لە پارت و جارێکی دیکە هەوڵدانەوە . ئەو ڕۆڵە ڕاستەقینەیەی کە ژن لە کۆمەڵگادا هەیەتی یان دەبێ هەیبێت، لەبەر ئەوە گرنگە لێرەدا بە وردی سەبارەت بە ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە گەشەسەندنی لایەنی چەکداری پارتەکە بدوێین.

## ٢. ڕاهێنان و پەروەردە بنەمای سەرەکیی ئامادەکاریی ژنان بۆ چالاکیی چەکداری:

بەر لە (کودەتای ساڵی 1980)[3]، ئۆجالان و هاوڕێکانی، باکوری کوردستانیان بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان و لوبنان جێهێشت، بەو مانایەی زەمینەی خۆئامادەکردن و ڕاهێنان و پەروەردەکانی پەکەکە چووە دەرەوەی تورکیا، دەرەوەی ئەو خاکەی کە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp137-146

هەوڵی تێکۆشـانی بۆ دەدات (چاوپێکەوتن لەگەڵ شـەرڤین قەرار، قەندیل، 2023/4/4). لە دوای گیرسـانەوەیان لە سـوریا و لوبنان، پەکەکە لە سـاڵی 1981 (ئەکادیمیای ئاپۆیی)[4] دروسـت دەکەن، ئینجا دەسـتیان بە پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ئەندامەکانیان کرد و هاوبیرانی ئەو پارتە دەچونە ئەو ئەکادیمیایە و پەروەردەیان دەبینی. لەم چوارچێوەیەدا و لە سەرەتای کردنەوەی خولە پەروەردەییەکان، 18 ژن بەشدارییان تێدا کرد، بە تێپەڕبونی کاتیش بەشداربونی ژنان لەو ئەکادیمیایە ڕوی لە زیادبون دەکرد، خولە پەروەردەییەکانیش گۆڕانکاریی زۆری لە سەر بیروباوەڕی ژنان دروستکرد، لەم سۆنگەیەوە بۆ یەکەم جار ژنان گشت کارێکی پەیوەست بە خۆیان ئەنجام دەدا، واتە لە بواری فیکری و کەسـایەتیدا بۆ ژنان پەرەسـەندنێکی باش بو، بەم شـێوەیە ئەو ئەکادیمیایە بووە بنکەیەکی بەهێز بۆ ڕێکخسـتنی ژن لە ناو پەکەکەدا (چیا، ژ 136، 2014: 26).

لە ژیانی ئۆجـالانـدا پەروەردەکردن و خۆپەروەردەکردن بنەمـایە، لەبەر ئەوە لەناو پەکەکەدا پەروەردە ئەرکێکی بنچینەییە، ئەوەی ڕاست لەو ئەرکە سەرکەوتو نەبێت، هیچ کات لە ئەرکەکانی دیکەی سەرکەوتو نابێت، هەرچی لە پەروەردە قووڵ نەبێتەوە و ئەنجامی نەبێت، ئەوا لە ئەرکەکانی دیکەشی ئەنجامی نابێت، لەبەر ئەوە گشـت ئەرکەکانیان بە پەروەردەوە پەیوەسـت کردووە، تەنانەت زۆر پێداگیریشـی لێ دەکەن، بە شـێوەیەك ئەگەر بۆ هەمو شـتێك لێبوردن هەبێت، ئەوا بۆ خۆپەروەردەنەکردن لێبوردن نییە، چونکە باوەڕیان وایە خۆپەروەردەنەکردن پەسەندکردنی ئەو کەسێتییەیە، کە دوژمن و داگیرکەران دروستیانکردووە، ئەوانیش نایانەوێت مرۆڤی کورد پەروەردە بێت و هۆشـیاربێتەوە، زانابێت و ببێتە هێزی چارەسـەری، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە ئەو تەڤگەرە پەروەردەی وەك ئەرکێکی بنچینەیی دیاری کردووە، دەیەوێت بە پەروەردە، ئەو کەسـێتییەی داگیرکەران بنیـاتنـاوە، تێکبـدات و لە شـوێنیـدا کەسێتییەکی نوێ بنیات بنێتەوە، ئەمەش لە فکر و ڕامانەوە دەسـتپێدەکات، تا ببێتە کەسـێکی ئازاد، لەسـەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵگەیەکی ئازاد بئافرێت و ئازادی بێنیتە دی، بۆیە پەکەکە پەروەردەی خسـتە پێش هەمو ئەرکەکانی دیکەوە، هەمو ئەرکەکانی دیکەی بەم ئەرکەوە پەیوەستکرد (جودی، 2008: 113- 121).

واتە پەکەکە خوێندن و پەروەردە بە کۆڵەکەی سـەرەکیی ژیان دەزانێت و پێی وایە مرۆڤ لە منداڵییەوە هەتا کۆچی دوایی دەکات، پێویسـتی بەوەیە کە بخوێنێت و خۆی پەروەردە بکات، چونکە خوێنـدن و پەروەردە خۆراکی مێشـکە و چەنـد پەروەردە و خوێندن گرنگیی پێ بدرێت، ئەوەندە مێشـکی مرۆڤ گەشـە دەکات (غەریب، ب 4، 2021: 178). لە لایەکی دیکەوە خستنەڕوی چەمکی (ژن ڕۆڵ و شوێنی زیاترە، ژن پێشەنگی ئەم شۆڕشەیە، ڕاستینە و ڕەنجی ژن هەیە، کۆمەڵگەی بەدیهاتو مۆرکی ژنی پێوەیە) لە لایەن پەکەکەوە بۆ ژنان جێی بایەخ بوو، ئەگەرچی بەر لەو قۆناغەش ژن لە قۆناغی دایکسـالاریدا بوونی هەیە، بەڵام ئەو کاتە زیاتر هێزی پێکهێنەری کۆمەڵایەتیبونە، سـەرجەم کۆمەڵان لە دەوری ژن کۆدەبنەوە (قەیتان، 2017: 244). دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی ژنان بۆ ناو پارتەکە.

لە دوای چونی پەکەکە بۆ سـوریا و لوبنان و کردنەوەی ئەکادیما تا سـاڵی 1984 بەشـداربونی ژنان لەو ماوەیەدا بە ڕێژەیەکی کەم و مامناوەند بو، چونکە پەکەکە لە ئەمری واقیعدا هیچ جۆرە چالاکییەکی ئەوتۆی نەبو، تا سـەرنج و هەسـتی خەڵك و ژنان بە تایبەتی بۆ بەشـداربون لەو پارتە ڕابکێشـن، کەچی لە هەمان کاتدا دەیان و سەدان ژن، لەوانەی کە بە ئایدیۆلۆژیای پەکەکە سەبارەت بە ژن ئاشنا بون، یاخود کەوتبونە ژێر کاریگەریی فەلسـەفەی ئـازادیی ژن لە لای پەکەکە، پەیوەنـدییـان بە ئەندامان و ڕێکخستنەکانی ئەو پارتەوە دەکرد و خۆیان دەگەیاندە ئەکادیمیای ئاپۆیی، تا لەوێوە پتر بە بیرەکە ئاشـنا بن و بۆ ژیانێکی ئازاد هەنگاوبنێن (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسێ هۆزات، قەندیل، 2023/5/26).

ئەو بەشـدارییەی ژنان لە ئەکادیمیا، یاخود لە چوارچێوەی ڕێکخسـتنەکانی پەکەکەدا، لە ئاسـت ویسـت و چاوەڕوانیی سـەرکردایەتیی پارتەکە نەبو، بەڵام ئەمە وەکو تروسکەیەك بو لە سـەرەتای شـۆڕش، چونکە بەشـداربونی ژنان لە ئەکادیمیا و بینینی پەروەردە و شـارەزابون لە شـێواز و جۆرەکانی شـەڕکردن، بۆ ئەو کاتەی کۆمەڵگەی کوردی زەحمەت بو، هەزمکردنی ئاسـان نەبو، بە شـێوەیەك نە پیاو، تەنانەت ژنیش تێی نەدەگەیشـتن، لە هەمان کاتدا عەبدوڵڵا ئۆجالان هاوتەریب لەگەڵ گەشـەپێدان ئایدیۆلۆژیای ئازادیی ژنیشی پێشخست (جودی، 2022: 229- 230).

پەکەکە لە ڕۆژی 15ی تەمموزی سـاڵی 1981 کۆنفرانسی- یەکەمی خۆی گرێدا، لەو کۆنفرانسەدا بڕیاری ڕێکخستن و گەڕانەوەی بۆ کوردستانی باکور دا، لەو کۆنفرانسەدا هەر یەك لە سامیە ئاشکن، جەمیلە مەراڵ خدر، ئایشە کەرەسوو، فیدان یەڵدرم، ڕوناهی، خەدیجە و خالیدە بەشـدار بوون. هەروەها لە ئابی سـاڵی 1982 پەکەکە کۆنگرەی دووەمی خۆی لە سەربازگەی بەرەی ڕزگاریی گەلی فەلەستین لە باشوری سـوریا ئەنجامدا، کە دەکرێت بە دوبارە کردنەوەی کۆنگرەی یەك ناوی بهێنرێت؛ لەو کۆنگرەیەدا بە شـێوەیەکی پراکتیکی لە لایەن سـەرکردایەتیی پەکەکەوە چەند گروپێکی چەکداری بۆ ناوخۆی باکوری کوردسـتان نێردرایەوە، بە شـێوەیەك تا سـاڵی 1983 سـەدان گەریلای پەکەکە لە هەرێمی بۆتان لە دورگەی ئیبنولعومەر جێگیر کران، بە نمونە فاتمە و سامیە ئاشکن، ساکینە قرمزی تاش، ساکینە قەرەقۆچان لە هەرێمی بۆتان چونە شاخ (ئۆجالان، 2009: 375؛ ئەلسوەیدانی، 2018: 600؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شەرڤین قەرار، قەندیل، 2023/4/4)

وەك گوترا بەشـێك لەو گروپانەی پەکەکە کە ڕەوانەی باکوری کوردسـتان و بەشـێك لە شـاخەکان کران، ژن هاوەڵیان بو، لەو کاتەشـدا تا ڕادەیەك باوەڕی پیاوانی ناو پەکەکە سەبارەت بە ژن گۆڕابو، ئەو باوەڕەی کە پێشـتر پێیانوابو ژنان ناتوانن لە نێو شـۆڕشـدا بەشـدار بن و سـەرکەوتو بن، گۆڕابو، بە شـێوەیەك پیاوانی ناو پەکەکە هاوشـانی خۆیان لە ژنیان دەڕوانی، ئەم بەشـدار بونەی ژنان لە نێو ئەم گروپانەدا، کە شـێوەیەکی سـەربازییانەی لەخۆگرتبو، یەکەمین گروپی سـەربازی بو، کە ژنان تێیدا بەشـدار بون، لە کۆتاییشـدا لە ئەرکەکانیان سـەرکەوتوو بون و توانییان هەمان ڕۆڵی پیاوان بگێڕن، ئیدی ئەمەش پاڵپشـت و جەخت کردنەوە بو لە بۆچوونەکانی ئۆجالان سـەبارەت بە ژن و بەشـدارییان لە شـۆڕشـدا (چاوپێکەوتن لەگەڵ هێزل ئۆزگور، قەندیل، 2023/4/15).

بەم جۆرە لە نێوان ساڵانی (1981- 1984)، سەدان ژن لە ئەکادیمیا پەروەردەیان بینی و بە باوەڕی خۆیان لە ئاستێکی باشـدا بون، ئەو ژنانەی بەشـدارییان لە پەروەردەی ئەکادیمیا دەکرد، دەبونە خاوەن بیروباوەڕێکی دیکە، بیروباوەڕێکی بەهێز، هەڵگرتنی ئایدیۆلۆژیای ئازادی و ڕزگاری هەم بۆ ژن و هەم بۆ کوردستان، گرتنەبەری هەموو ڕێکارێك کە پێویسـت بێت لە پێناو گەیشـتن بە ئامانجەکان. بەم شـێوەیە لەگەڵ گەشـەسـەندن و هێدی هێدی بڵاوبونەوە و خسـتنەڕوی ئایدیۆلۆژی ئۆجالان سـەبارەت بە ژن، هەم لە نێو ئەندامانی پارتەکە و هەم لە نێو کەسـانی دیکەی دەرەوەی پارتەکە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ژنان دروستکرد، ئەوجا ژنانیش لای خۆیانەوە هەوڵی پەسـەندکردن و بڵاوکردنەوە و بەرفراوانکردنی ئەو بیرەیان دەدا، ئەمەش زیاتر پەیوەندیی بە کەسایەتیی ئۆجالان وەك پیاو هەبو، کە هەمیشە بە دوای

ژیانێکی ئـازاد گەڕاوە، بە چەشـــنێکی بەربڵاو ســـەبارەت بە ژن قووڵبوەتەوە و پارتەکەشی هێناوەتە سـەر ئەو ڕێبازەی بۆ دابەشـکردنی ژیان لەگەڵ ژن لە سـەرجەم گۆڕەپانەکان و یەکسـانی لە سـیاسـەت و لایەنەکانی دیکە هەوڵی دەدا (چاوپێکەوتن لەگەڵ زەمیان دەنیز، قەندیل، 2023/4/15).

بەر لە باســکردنی قۆناغی چەکداری لە نێو پەکەکەدا، گرنگە ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەین، کە پەکەکە لە ئەدەبیاتی خۆیدا بە بەشـێك لە پێداویسـتییەکانی شـۆڕش ناوی دەبات و باوەڕی وایە کە هاندانی شـۆڕشـە، ئەویش بایەخدانە بە هونەر و موزیك. پەکەکە ئـاگـاداری ئەوە بووە کە میوزیـك بنـاغەیەکی بەهێزی شـــۆڕش و ئایدیۆلۆژیاکەیانە، لەبەر ئەوە ئەندامەکانی ئەم پارتە لە ســـەرکردەکانیانەوە تاکو ئەندامە ئاسـاییەکانیان گرنگییان بە ئەدەب و شـیعر داوە، بۆ ئەو مەبەسـتەش لە سـەرەتای ساڵی 1982 گروپێکی میوزیکی بەناوبانگ بە ناوی (بەرخودان) دروستبو، سـەرەتا لە لوبنان دەســـتی بە کارە میوزیکییەکان کرد، کاتێکیش ئەو گروپە یەکەم سرودیان بڵاوکردەوە، دەنگـدانەوەیەکی زۆری هەبو، بە شـــێوەیەك بووە هۆکارێـك بۆ پەیوەندیکردنی ســـەدان گەنج بە پەکەکەوە (حەمۆ، ژ 22، 2017: 56). لە بارەی گرنگیی هونەر ئۆجالان دەڵێت: "پێویســـتە باش بزانرێت هونەریش بابەتی شـــەڕە، پێویستە بزانرێت کە ئەنجامەکانی بە خوێن و ئارەقە بەدەست دێن، جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان ســـازی هونەرمەندێك و چەکی جەنگـاوەرێکـدا هەیە، هەردوکیـان بانگەوازی شـــۆڕش دەکەن، ئاگر بەســـەر دوژمندا دەبارێنن، گۆرانییەکانمان وەك دەنگی فیشەکەکان گەل هۆشیار دەکەنەوە و بانگەوازی شەڕ دەکەن. شانۆکانمان وەك شێوازی بزاوتی گەریلان، پێویستە بەو شێوەیە هەڵسەنگێنرێت" (ئۆجالان، 2023: 41).

بەشـداریی ژنان لە ناو پەکەکەدا تا سـاڵی 1984 لە ئاسـتێکی سـنورداردا مایەوە، چونکە بەرکەوتن لە نێوان پەکەکە و تورکیادا کەم بو، پەکەکەش لە نێو خاکی تورکیادا نەبو، بەڵام لەوە بەدواوە گۆڕانکاریی گرنـگ، لە شـــێوەی وەرچەرخـان لە مێژوی پەکەکەدا دروستبو. ئەو گۆڕانکارییە لە تەکنیکی شێوازی مامەڵە کردنی پەکەکە لەگەڵ تورکیا، پەیوەسـت بو بە فشـارەکانی تورکیا بۆ سـەر باکوری کوردسـتان، چونکە ئەو کاتە بزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی کورد لەوپەڕی لاوازیـدا بو، چـالاکییە تاکوتەراکانی ئەنجامیش دەدران، پەکەکە ئەنجامی دەدان، لەبەر ئەوە لە ســـاڵی 1983ەوە حوکمی عورفی لە ویلایەتەکانی هەکاری، ســـێرت، مـاردین جـاڕدرا، هەروەهـا پرۆســـەی کیمیـاڵکردنی بەرفراوان لە دژی گەریلاکانی پەکەکە، لە ناوچە شــــاخـاوییەکان دەســـتپێیکرد، لە بەرانبەردا پەکەکە بڕیاریـدا شـــەڕی چەکـداری لە دژی تورکیـا ڕابگەیەنێت (داقووقی، 2012: 266؛ غەدیر، 2018: 345)، چونکە ئۆجالان دەگاتە ئەو باوەڕەی بە خەباتی ســـیـاسی ناتوانێـت ڕوبەڕووی تورکیـا بێتەوە، لەبەر ئەوە هەنگاوی شەڕی چەکداری دەستپێدەکات، دیارە ئەمە وەڵامدانەوەیەك بووە بەرانبەر فشارەکانی تورکیا بۆ سەر ئەندامانی پەکەکە (ئەحمەد، 2011: 77)

## ٣. ڕۆڵ و بەشداریی ژن لە چالاکییە چەکدارییەکاندا:

دوابەدوای بەشـداریی سـەدان ژن لە خولە پەروەردەییەکان و ڕاهێنانیان لەسـەر کردە ســـەربازی و چەکدارییەکان و ئامادەکردنیان لە ڕوی بیروباوەڕەوە قۆناغێکی تازە لە خەباتی ژنانی پەکەکە دەســتی پێ کرد، ئەویش بریتی بو لە بەشـداری ڕاسـتەوخۆ لە کردە ســەربازییەکان و چالاکییە چەکدارییەکانی ناوخۆی باکوری کوردسـتان، ئەمەش دوای ئەوە هات، لە تەمموزی سـاڵی 1984دا حوسـێن یەڵدرم سـەرۆکی ڕێکخراوی پێشــمەرگە چووە پاڵ پەکەکە، هاوشــان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجالان بەیەکەوە یەکەمین جوڵانەوەی چەکداریی هاوبەشـیـیان لە 15ی ئابی سـاڵی 1984 ئەنجامدا (داقووقی، 2012: 266)، واتە شـــەڕی پارتیزانیی دەســـتپێکرد و بۆ یەکەمجار لە دوای جەنگی دووەمی جیهـانییەوە، زەنگی ڕوبەڕوبونەوەی ڕاســـتەوخۆی چەکـداری، لە نێوان ســـوپای تورکیا و کورد لێدرا (ئۆجالان، 2009: 358- 374؛ سـیف الدین، 2009: 149؛ عەبدوڵڵا- عەزیز، ژ 4، 2022: 311). ئەم جەنگە بە مەبەســـتی داواکردنی سەربەخۆیی و حوکمی زاتی بۆ کورد، بە سەرکردایەتیی (مەعسوم قۆرقماز/ عەگید)(5)، دەســتپێیکرد، ئەوە بە ســەرەتای جەنگێکی درێژخایەن هەژماردەکرێت، تاکو ئێســتا بەردەوامیی هەیە و لە میانەی پرۆسـەی سەربازی و جەنگی گەریلاییەوە، گەریلاکانی پەکەکە هێرشـدەکەنە سـەر یەکەکانی سـوپا و پۆلیس و دامەزراوە سـەربازییەکان لە ناوچەکانی باشـــوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (الحاج، ژ 16- 17، 2016: 197؛ بەهنان، 2018: 407؛ الجزیرة نت، ژ 30- 31، 2018: 142؛ ســـەعید، 2018: 94- 95؛ کالکان، 2019: 102). هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی شـەڕ لەگەڵ تورکیا، ژنان بەشـدارییان هەبو، بە نمونە هەر یەك لە خەدیجە، خانم یاوەر قایە و ڕەحیمە قەهرەمان، کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبو، بە شێوەیەك خانم یاوەر قایە بەرپرسیارییەتیی یەکەیەکی لە ئەستۆدا بو (چاوپێکەوتن لەگەڵ شـەرڤین قەرار، قەندیل، 2023/4/4). لەم بارەیەوە ئۆجالان دەڵێت: "کاتێك لە ساڵی 1984دا گروپێکی چەکدارییان پێکهێنا، ئامانجی ئێمە ئەوە بو کە ئەوانە لە ســنوری بانگەشــەدا بهێڵینەوە، بەبێ ئەوەی بمانەوێت بگاتە شــەڕێکی گەریلایی" (ئاوریشمی، 2015: 259).

پەکەکە لە 15ی ئابی 1984دا بە تەقاندنی یەکەم فیشـــەك بڕیاری ژیانێکی ئازاد بە شـێوەیەکی سـەربازی دەدات (جودی، 2015: 7؛ شـاهۆ، ش 2، 1395، 46)، چالاکییەکەش بە هێرشـکردنە سـەر دو بنکەی سـەربازی لە شـارۆچکەکانی ئوروح (ئەروهە) و شەمزینان لە باشوری ڕۆژهەڵات بو، دیارە ئامانج لەو پەلامارە پەیوەندی بە چەند هۆیەکەوە هەبو، لەوانە: ڕاگەیاندنی شەڕی چەکداری و بەدەستهێنانی متانەی خەڵك بو، ئیدی لەوە بەدواوە پەکەکە بووە پارتێکی جیاواز لە پارتە شـۆڕشـگێڕەکانی دیکە، هەروەها 21ی ئاداری ســـاڵی 1985 پەکەکە هێزی ڕزگاریی کوردســـتانی پێکهێنا، کە پەیوەســـت بو بە لیژنەی ســـیاســـی ســـەرچاوەگرتو لە لیژنەی ناوەندیی پـارتەکە، ئەو هێزە بریتی بو لە بەرەی ڕزگـاریی میللی کوردســـتـان، کە بە باڵی ســـەربازیی پارتەکە بە ســـەرکردایەتیی ئۆجالان دەناسرایەوە (بەهنان، 2018: 405؛ سـەعید، 2018: 119؛ ئەحمەد، 2011: 71). لە بەرانبەر ئەو ڕاگەیاندنەی پەکەکە، دەسەڵاتدارانی تورکیا چەندین ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازییان گرتەبەر و سیستەمی پاسـەوانانی گوندیان دامەزراند، لە پاش یەك سـاڵ لە ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری لە لایەن پەکەکەوە. پاســـەوانانی گوند چاودێریی جوڵەی هاووڵاتییان و پەیوەندییان بە پەکەکە و داڵدەدانی گەریلاکان دەکرد، یاخود پێشـــکەشـــکردنی کۆمەك بە تایبەتی بۆ برینـداران لە ئـاکامی ڕوبەڕوبونەوە چەکـدارییەکان. ئـامـانج لە پـاســـەوانـانی گونـد، دروستکردنی سیستەمی بەرگریی ناوخۆیی بو دژ بە پەکەکە، کە 75 هەزار سەربازی لەخۆدەگرت و لە ژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی دەزگا ئاسایشی و سەربازییەکاندا و موچە و قەرەبوی گەورەیان پێدەدرا (غەدیر، 2018: 345- 346).

هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی شـەڕی چەکداری لە لایەن پەکەکەوە لە دژی تورکیا، ژمارەی ژنان لە ناو ڕیزەکانی ئەو پارتەدا ڕو لە هەڵکشـان دەکات، ئەمەش پەیوەندیی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە، لەوانە: فشـــار و گوشـــارە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ ســـەر ناوچە کوردییەکان لە باکوری کوردســـتان، دەرکەوتنی پەکەکە وەك پارتێکی شـۆڕشـگێڕی

کوردی لە باکوری کوردستان، کۆڕانی کوردان لە شارە کوردییەکان و بەرزبونەوە و هەڵکشانی بیری نەتەوەیی لای ژنانی کورد، چونکە کاتێك ژنان دەیانبیست و دەیانبینی پەکەکە لە پێناو کورد خەباتدەکات و لە نێو ڕیزەکانیشیدا ژن هەیە و هاوشانی پیاوان شەڕ دەکەن و پارتەکەش خاوەن ئایدیۆلۆژیای تایبەتە بۆ ژن، بۆیە ژنان لە شار و گوندەکان بەتایبەتی پەیوەندییان بە پەکەکەوە دەکرد، چونکە گەریلا پتر لە گوندەکان دەبینران (چاوپێکەوتن لەگەڵ شەرڤین دەلیل، سلێمانی، 2023/5/14).

گەریلایەکی ژن بە ناوی ئەستێرە، سەربوردەی پەیوەندیکردنی بە پەکەکەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە گوندەکەی ئێمەدا جاروبار گەریلای ژن و پیاو دەبینران، شەوێك لە دەرگا درا، براکەم دەرگای کردەوە، دواتر من چوم و بینیم شەش کەس بون، سێ ژن و سێ پیاو، لە دوای کەمێك قسە کردن دایکم منی لەوان دابڕاند و نەیهێشت قسەکانمان تەواو بکەین، ئەمە سەرنجی منی ڕاکێشا، بە لامەوە سەیر و گرنگ بو، کە ژن و پیاو پێکەوەن، لەبەر ئەوە بە بایەخەوە لێم دەڕوانی و چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بوم، جاروبار کە دەهاتن قسەم لەگەڵ دەکردن، جارێکیان کەسێکیان نامەیەکی خستە دەستمەوە، منیش لە سوچێکەوە نامەکەم خوێندەوە کە تێیدا نوسرابو: "دەزانین دەتەوێ بەشدار بیت، پێویست بە وتن ناکات، لە چاوەکانتدا شۆڕشگێڕێك دیارە". ئیدی منیش بە ئیشارەت ئاماژەم بە ئامادە بۆ نیشان دان، دوای تاوێك خۆم ئامادەکرد، لەگەڵ هەڤاڵان ڕۆیشتم و بومە گەریلا (گەریلا، ژ 15، 1401، 70- 72).

هەرچی پەیوەستە بە بەشداریی ژنانی خوار تەمەن 18 ساڵ لە نێو پارتی کرێکارانی کوردستاندا، لە ڕابردودا بە هۆی بارودۆخی تایبەتی باکوری کوردستان، کچانی خوار 18ساڵ لە نێو ڕیزەکانی پەکەکەدا هەبون، بەڵام ئەو کچانەی خوار تەمەنی یاسایی نەبراونەتە بەرەکانی شەڕ، بەڵکو لە ناوەندە پەروەردەییەکان ماونەتەوە و پەروەردە و ئامادە کراون، تا گەیشتن بە تەمەنی 18 ساڵ و ئامادەییان بۆ بەشداریکردن لە شەڕ، ئەو کاتە بەشدارییان کردووە، بە شێوەیەك ئەو کچانەی لە تەمەنی خوار 18 ساڵییەوە لە ناو ڕیزەکانی پەکەکە بون و دواتر چونەتە بەرەی شەڕ، باشتر و بە ئیرادەتر دەرکەوتون، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە، هیچ کچێکی کوژراوی خوار تەمەن 18 ساڵ بونی نییە (چاوپێکەوتن لەگەڵ شەرڤین قەرار، قەندیل، 2023/4/4).

ڕاستە کچانی خوار 18 ساڵ لە پەیوەندییان بە پەکەکەوە کردووە، بەڵام سیستەمی پارتەکە ڕێگەی نەداوە ئەم کچانە بەشداری لە شەڕەکانیدا بکەن، بەڵکو لەو ماوەیەدا و تا گەیشتونەتە تەمەنی 18 ساڵی پتر لە ڕوی پەروەردە و ڕاهێنانەوە بەهێز کراون.

کاریگەریی گەریلاکانی پەکەکە لە گوندەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرا، بینینی ژن و پیاو بەیەکەوە لە خەباتدا هۆکارێکی سەرەکی بو، بۆ سەرنجڕاکێشانی ژنانی گوند، لە سەروی هەموانەوە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان لە ناو پەکەکەدا جێی بایەخ بو. بابەتی بەگرنگڕوانین لە ژن و گەورەیی ژن لە ناو پارتەکەدا، خاڵی گرنگی بەشداریکردنی ژنان بو، کاتێکیش خەڵك شێوازی مامەڵەکردنی پیاوانی گەریلایان لەگەڵ ژنانی گەریلا دەدیت، کە بەو پەڕی ڕێز و شکۆوە ڕێز لە ژن دەگرن و پرسوڕایان پێ دەکەن، خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێشانی ژنان بو (چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆزدار ئاڤێستا، قەندیل، 2023/4/18).

ساڵی 1985 شەڕی داگیرکردن و قڕکردن لە دژی پەکەکە توندتر ئەنجام درا، کەچی پەکەکە لە 20ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1986دا کۆنگرەی سێیەمی خۆی لە ئەکادیمیای (مەعسوم قۆرقماز)[6] لە (دۆڵی بیقاع)[7]، لە لوبنان بەست و چووە قۆناغێکی دیکەی خەباتەوە، بە هۆی ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی سێیەمی پەکەکەدا دەرکران، ئەویش گرفتی ناپاکی بو، کە لە دوای ئەو کۆنگرەیە بەشێك لە ئەندامان دەرکران، بە گوێرەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئەم ڕەفتارەی پەکەکە پێیدەگوترێت چاکسازیی ڕێکخراوەیی، هەر لەو کۆنگرەیەشدا ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (ERGK) دامەزرێنرا، کە ئامانجی چەکداریی سەرتاسەری بو (گەوهەری، 1999: 32؛ جەلیل، 2012: 111- 114؛ ئاوریشمی، 2015: 259؛ سەعید، 2018: 122؛ PKK، 2022: 35).

لەو کاتانەی شەڕ لە نێوان پەکەکە و تورکیادا ئەنجام دەدرا، بەشداریی ژنان لە ڕیزەکانی گەریلا و ڕیزەکانی پێشەوەی شەڕ دەبینران و بە ئەندازەی ئامادەیی خۆیان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لە ئاراستەی شەڕەکاندا هەبو (چاوپێکەوتن لەگەڵ نەعام ئەلیاس، قەندیل، 2023/5/26)، بەم جۆرە "ژن لە سەر چیاکان خۆی لەسەر پێ ڕاگرت و لە باری سەربازییەوە بەرەوپێش دەچون، شانبەشانی پیاوان و لە هەلومەرجێکی بەرابەر و یەکساندا، ژن گەیشتە ئاستی فەرمانداری و بەڕێوەبەری شۆڕش و کۆمەڵگا، ئیدی ژنی کورد بەو لێگەڕینە گەیشت کە دەیویست، ئەمە وەستانەوە بو بەرانبەر ئەو کۆیلایەتییەی بۆ ماوەیەکی درێژ بە سەریدا سەپابو" (ئارارات، ژ 43، 1393: 32).

کاتێك ژنێك پەیوەندیی بە پەکەکەوە دەکرد، یەکڕاست دەنێردرا بۆ پەروەردە لە ئەکادیمیا پەروەردەییەکان، بە تایبەتی لە سوریا و لوبنان. بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی پەروەردەکان لە ماوەی سێ مانگدا بەڕێوەدەچون، لەو ماوەیەدا ژنان ئاشنای تەواوی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی ئۆجالان و پەکەکە لە بارەی ژنەوە دەکران، لە لایەکی دیکەوە بە بیروباوەڕی شەڕکردن ئاشنا دەکران، کە لە نێو پەکەکەدا خۆبەدەستەوەدان نییە، ژیانی سەربەرزانە شەرەفمەندانەترە، لە ژیانی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی تورکیا، دوای ئەوەی خولە پەروەردەییەکانیان دەبینی، ئەوجا لەگەڵ گەریلا شارەزا و بە ئەزمونەکان دەنێردران بۆ چیاکان و ڕوبەڕوبونەوە و پێکدادانی سەربازی لەگەڵ تورکیا، بەم شێوەیە ژن ڕۆڵی لە گەشەکردنی سەربازیی پەکەکەدا بینی (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسێ هۆزات، قەندیل، 2023/5/26).

## ٤. پەرەسەندنی ڕۆڵی چەکدارانەی ژنان:

شایەنی ئاماژەبۆکردنە خاڵێکی دیکەی گرنگ کە کاریگەریی لەسەر زیادبونی ژمارەی بەشداربوانی ژن لە ناو ڕیزەکانی پەکەکە هەبو، دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان بو، چونکە بەشێك لەو ژنانەی بەشدار بون، چونە گۆڕەپانی سەرۆکایەتیی پەکەکە، ئەوجا چونە ڕیزەکانی گەریلا، بەمەش ژمارەی ژنان ڕوی لە زیادبون کرد (چیا، ژ 136، 2014: 27؛ قەرەداغی، ژ 198، 2720: 17؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆزان دێرک، قەندیل، 2023/6/29). گەریلایەکی ژن، بە ناوی ئیپەك (1962-؟؟؟؟)، دەڵێت: لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا پەیوەندیم بە پەکەکەوە کرد، بەڵام هەر لە ناو شاردا بوم، بەڵام لە ساڵی 1988دا دەوڵەتی تورکیا، دوای ئەوەی هەستی کرد پەیوەندیم بە پەکەکەوە هەیە، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکردم، لەبەرئەوە خۆم گەیاندە ناو پەکەکە، ئینجا بۆ ماوەی حەوت مانگ منیان ناردە چیای یێن مێردین ، دواتر چومە دۆڵی بیقاع، بە ڕاستی ئەو کاتە کوردستان و گەلی کورد لە ژێر ستەم و زۆرداریی تورکیادا بو، منیش لەبەر بەرژەوەندیی کوردستان و ئازادی چومە ناو پەکەکەوە (بولدان، 2022: 161- 169). هەروەها ئەڤین گۆیی (ئامینە کارا) (1974-2022)، یەکێکی دیکەیە لە گەریلا ژنە دیار و بەرچاوەکانی ناو ڕیزەکانی پەکەکە، کە

لە ساڵی 1988 پەیوەندیی بەو پارتەوە کردووە و کەسێکی کاریگەر بووە و لە گشت بەشەکانی کوردستان خەباتی کردووە (تروسکە، ژ 218، 2722: 52).

بەم شێوەیە بەشداریی ژنان لە ناو ریزەکانی پەکەکەدا زیاتر دەبو، بە شێوەیەك لە ساڵی 1988 ژمارەی گەریلای ژن پتر بو، بە ئەزمون بون، لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بو، هیچ نیگەرانییەك لە بارەی بەشداریی ژنان لە شەڕدا نەمابو، بیروباوەڕەکە بە تەواوی لای گەریلای ژن چەسپا (چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجیبە عومەر، قەندیل، 2023/7/22). لەم بارەیەوە عەبدوڵڵا ئۆجالان لە دیدارێکدا دەڵێت: "ساڵی 1988 لە ساتەوەختی ڕاهێنانی گەریلاکانمان نزیکتر بوینەوە. سەرەنجام ساڵی 1990 گەریلاکان فراوانتر و زۆرتر بون، بە جۆرێك سوپایەك لە گەریلاکان پێك هێنرا، شێوازی ئێمە لە بارەی شەڕەوە بەم شێوەیە بو: دەتوانرێت بە ئامادەیی گەریلایەك بچیتە ناو دیمەنی شەڕێکەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نابێت شەڕی بەرەیی ئەنجام بدرێت، چونکە دەوڵەتی تورکیا بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئێمە لە ناوەوە پاسەوانی گوندەکان، هەروەها لە کوردستانی عێراقیش کەسانێکی زۆری پڕ چەك کردووە" (ئاوریشمی، 2015: 259). جێی ئاماژەیە بگوترێت پرۆسەکانی پەلاماردان و هێرش و تیرۆرکردن، کە گەریلا لە دژی هێزەکانی تورکیا ئەنجامیان دەدا، لە 15ی ئابی ساڵی 1990 تا 15ی ئابی ساڵی 1991 زیاتر لە 586 پێکدادان و کردەوەی چەکداری لە نێوان هێزەکانی پەکەکە و تورکیا ڕویداوە، هەروەها 77 کردەوەی بۆسە، 24 کردەوەی کاولکردن و زیاتر لە 184 هێرش لە لایەن پەکەکەوە ئەنجامدراون، لە ئەنجامی ئەم کردەوانەدا پتر لە 2400 ئەفسەر و سەرباز، یەکەی تایبەت و پۆلیس، پاسەوانی گوند و ئاسایش، تەنانەت قایمقام و دادوەر و فەرمانبەری حکومەت لە کاتی هەڵکوتانە سەر شارە کوردییەکان کوژراون، لە بەرانبەریشدا پەکەکە 164 کوژرا و چەند برینداریان هەبوە (جەلیل، 2012: 121- 122؛ بەهنان، 2018: 407).

لە ساڵی 1990دا بەشداربون و زیادبونی خەڵك بۆ ناو پەکەکە، بووە هۆکارێك تا سەرکردایەتیی پەکەکە بیر لە کردنەوەی چەند بنکەیەکی دیکەی سەربازی لە سوریا بکاتەوە (کەریم، ژ 30- 31، 2018: 145). ئەگەرچی پەکەکە لە دەرەوەی خاکی تورکیا لە خۆبەهێزکردندا بو، کەچی لە هەمان ساڵدا تورکیا حاکێکی سەربازیی بۆ کوردستان دانا، کە بارەگاکەی لە دیاربەکر (ئامەد) بو، هەر لەو ساڵەدا پشێوییەکی زۆر سەرتاپای ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە، ئەمەش هێزەکانی تورکیای هاندا بکەونە ویزەی خەڵکەوە، هێزەکانی تورك لە شاری شیرناخ کاری دڕندانەیان ئەنجامدا، کە بووە هۆی چۆڵبونی شارەکە لە دانیشتوان (ئیبراهیم، 2006: 255- 256).

(ئیپەك)، لە بارەی مێژوی خەباتی خۆی لە ناو پەکەکەدا دەڵێت: ساڵی 1990 کاتێك ویستمان بچینە باکوری کوردستان، لە سەر سنور لەگەڵ تورکیادا توشی شەڕ بوین، لە ئەنجامدا من وەك یەکەم ژنە گەریلا دەستگیرکرام و تا ساڵی 1992 لە زیندان بوم، لەو ساڵەدا یاسایەکی نوێ لە تورکیا دەرچو، منیش بە هۆی ئەم یاسایەوە بە مەرج ئازادبوم (بولدان، 2022: 164).

ئەگەرچی بەشداریی ژنان لە نێو پەکەکەدا ڕو لە زیاد بون بو، بەڵام هیچ ئامارێك سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەی بەشداربونی ژنان لە ناو ئەو پارتەدا بەردەست نییە، ئەوەی سەرکردایەتیی ئێستای پەکەکەش باسی لێوە دەکات، هیچ ئامارێك ناخەنە ڕو، تەنیا دەڵێن: ژمارەی بەشداربوانی ژنان تا بەر لە قۆناغی بەسوپابونی ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت، بەڵام بە ئەندازەی دوای قۆناغی بەسوپابون نییە (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسێ هۆزات، قەندیل، 2023/5/26). ئۆجالان بە شێوەیەکی گشتی دەڵێت: ئەگەر ڕێژەی بون بە گەریلا لە ساڵی 1991دا یەك بوبێ، ئەوا لەگەڵ کۆتایی ساڵی 1992 بو بە سێ، واتە سێ هێندەی ساڵی پێشو، بەم شێوەیە گەریلا زیاددەبو (کۆچوك، 2011: 43).

لە پێناو دانانی سنورێك بۆ بەرەنگاربونەوەی گەریلاکانی پەکەکە و دانانی سنورێك بۆ چالاکیی گەریلاکان، حکومەتە یەکلەدواییەکەکانی تورکیا لە دامەزراندنی ئەو پارتەوە هەمیشە ڕێوشوێنی جیاوازیان گرتووەتەبەر (بەهنان، 2018: 408- 409). هەر چۆنێك بێت ساڵی 1992 تا ڕادەیەك بۆ پەکەکە جیاواز بو، چونکە بە تەنیا لە نێو خاکی تورکیادا هەوڵی پاکتاو و لەناوبردنی پەکەکەی نەدەدا، بەڵکو هێرشی کردە سەر پەکەکە لە باشوری کوردستان، لە کاتێکدا پەکەکە لەو کاتەدا تەنیا هەندێك بنکەی پەروەردە و دابینکردنی لۆژستیکی لە باشوری کوردستاندا هەبو، بەڵام تورکیا لە ژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی پۆڵاوە هێرشی کردە سەر پەکەکە، ، کە ئامانج لێی هەڵوەشاندنەوەی گەریلا و پاکتاوکردنی پەکەکە بو (جومعە، ب 2، 2014: 337؛ PKK، 2022: 35- 36؛ سیروان، بێ ساڵی چاپ: 31- 32).

لە کاتی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر پەکەکە، لە لایەن ژنە گەریلایەکەوە چالاکییەك ئەنجام دەدرێت، کە لە مێژوی پەکەکەدا هەمیشە باسی لێوە دەکەن و بە بەرخۆدانی ژن و ئەفسانە ناوی دەبەن و وەك سیمبول و پێشەنگ سەیری دەکەن و ساڵانە یادی دەکەنەوە. (گوڵناز کاراتاش/ بێریتان/ بێریتان هێڤی)[8]، لە ڕۆژی 9ی ئایاری ساڵی 1991 لە چیای جودی دەبێتە گەریلا و چەك لەشان دەکات، ڕیشەی ئەم بیرەی بۆ پەیوەندیکردنی بە پەکەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشتر و بە تایبەتی ساڵی 1989، ئەو کاتە هەست بە زوڵم و داگیرکاریی تورك بەرانبەر بە کورد و ژنان دەکات، لەم ڕێگەیەوە لە تێکۆشانی ئازادی ورد دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی دەبێت پەیوەندی بە پەکەکەوە بکات، بەڵام بەر لەوەی پەیوەندی بە پەکەکەوە بکات، لە لایەن تورکیاوە دەستگیر دەکرێت، کاتێکیش ئازاد دەکرێت یەکراست پەیوەندی بە ڕیزەکانی پەکەکەوە دەکات (تروسکە، ژ 206، 2721، 42؛ PKK، 2022: 124).

بەر لەوەی بێریتان بگاتە چیای جودی، لە خەیاڵی خۆیدا ویستویەتی ناوی (بنەفش ئاگال)[9] لە خۆی بنێت، بەڵام کاتێك دەگاتە چیا و دەبینی دەیان ژن هەڵگری ئەو ناوەن، بۆیە بڕیار دەدات، ناوی خۆی بکاتە بێریتان (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژدا عەفرین، قەندیل، 2023/2/12)، دیارە کە بێریتان لە ماوەی یەك ساڵ مانەوەی لە ناو ڕیزەکانی گەریلادا، پێشکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێت، لەبەر ئەوە دەکرێتە فەرماندەی تاقمێکی گەریلا و دەچنە هەرێمی شەمزینان (تروسکە، ژ 185، 2719: 44). تەنانەت چەندین ژن لە سەر دەستی بێریتان پەیوەندییان بە پەکەکەوە کردووە، بە نمونە ژنە گەریلایەك بە ناوی پەلین دەڵێت: ساڵی 1991 لە ڕێی گوڵناز کاراتاش چوومە ناو پەکەکە، تا لەو ڕێگەیەوە خزمەتی وڵات بکەم (بولدان، 2022: 59).

لە کاتی هێرشی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان، بێریتان وەك فەرماندەیەکی گەریلا لە هەرێمی خواکورك فەرمانداریێتی هێزێکی گەریلای دەکرد و ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی گێڕا لەو بەرخۆدانەی کە لەو هەرێمەدا لە لایەن گەریلاکانەوە ئەنجامدرا، دیارە لە 6ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1992دا هێرشێکی فراوان دژ بە هەرێمەکانی گەریلاکانی ئەرتەشی ڕزگاریخوازی کوردستان ئەنجامدرا و شەڕەکە 40 ڕۆژی خایەند، بێریتان و هاوسەنگەرانی ژمارەیان زۆر نابێت، کاتێك لە لایەن تورکیا و هێزە کوردییەکانەوە گەمارۆ دەدرێن، ئەگەرچی بێریتان و هاوسەنگەرانی شەڕێکی گەورە دەکەن، بەڵام بێریتان بریندار دەبێت، کەچی تا ئەو کاتەی تەقەمەنی پێ دەمێنێت لە شەڕ کردن بەردەوام دەبێت، لە کۆتاییدا لە ڕۆژی 25ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1992

بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی هێزی بەرانبەر، تفەنگەکەی خۆی دەشکێنێت و لە سەر چیای خواکورکەوە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە (تروسکە، ژ 135، 2014: 26؛ بێریتان، ژ 164، 2717: 27؛ تروسکە، ژ 185، 2719: 44؛ تروسکە، ژ 206، 2721، 43؛ PKK، 2022: 124).

کاتێك بێریتان دەچێتە سەر تاشەبەردەکە تاکو خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، یەکێك لە دوژمنانی هاوار دەکات و دەڵێت: خۆت بەدەستەوە بدە، کەچی لە وەڵامدا دەڵێت: بژی کوردستان، بژی پەکەکە، ئەوجا خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە، کاتێك دەچنە سەر جەستەی دەبینن جانتایەکی پێیە، کە نانی تێدا بووە، لەگەڵ جووتێك پێڵاو و قەڵەمێك و ئەلبومێکی وێنە (چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆزدار ئاڤێستا، قەندیل، 2023/4/18). ئیدی لە ناو پەکەکە و بەشێکی زۆری کورددا بێریتان بە سیمبوڵی ڕوبەڕوبونەوەی خیانەت و بەکرێگیراوان دەناسرێت (غەریب، ب 4، 2021: 187). هەروەها بە هۆی ئەوەی بێریتان ئامادە نەبو بکەوێتە بن دەستی دوژمن، ئیدی ئەو ناوە وەك قارەمانێك لە نێو ژنانی تازە گەریلادا لە سەر زاران بو (مارکوس، 2014: 413).

ئۆجالان لە بارەی بێریتانەوە دەڵێت: ڕێبازی بێریتان بۆ من زۆر گرنگە، پێویستە ئێمە ژیانی بێریتان بکەینە فەلسەفەی ئازادی بۆ خۆمان، ئەو خۆی لە سەر تاشەبەردێکەوە فڕێ دەداتەوە خوارەوە، بەڵام ئەمە خۆکوژی نییە، بەڵکو ئەوە ڕێبازێکە، ڕێبازی ئازادییە (ئۆجالان، ژ 185، 2719: 44). هەروەها لای ئۆجالان، بێریتان بۆ پەکەکە، وەسیەت، پەیام و بانگە، چالاکیەکەی چالاکی عەشق و چالاکی شکۆدارییە، لەبەر ئەوە باوەڕی وا بووە کە دەبێت پەکەکە ژیانی بێریتان بکاتە هێڵێکی تایبەت بۆ تێکۆشان، تا ئەو کاتەی ئاشتییەکی شکۆدار دێتە کایەوە، دەبێت پەکەکە درێژە بەو ڕێبازەی بێریتان بدات (چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆزدار ئاڤێستا، قەندیل، 2023/4/18).

دیارە بێریتان گەریلایەکی یەك ساڵە بو، واتە لە ژیانی گەریلایەتیدا کۆن نەبو، بەڵام لە تێزی ئازادییدا زۆر قووڵ و بەهێز بو، لە لایەك لە بەرانبەر عەقڵیەتی کۆنەپارێزی پیاوسالاری تێکۆشانی دەکرد، کە ڕێگری دەکەن ژنان تەواوی شەڕ بەڕێوەبەرن، لە لایەکی دیکەوە لە دژی هێڵی خۆبەدەستەوەدان بەرخۆدانی دەکرد (عومەر، ژ 174، 2718: 50). خۆبەدەستەوەدانی ژن لە ناو پەکەکەدا وەك خیانەت بە نیشتمان وایە، هەڵبەت لە شەڕی ژندا حەقیقەتی خۆم بەدەستەوە نادەم، دەبمە خۆڵەمێش، بەڵام خۆم تەسلیم ناکەم، لە واتای گشتیی سەربەخۆیی و ئازادیی نیشتمان و گەلە، لەبەر ئەو هۆکارەش سەرۆکایەتیی پەکەکە، ژن بە خاوەنی بەهێزی ئازادیی پیرۆز هەڵدەسەنگێنێ، بۆ پیاویش چەمکی گەیشتن بە ژن و دەربڕینی هۆگری بۆ ژیانی هاوبەش، پەیوەندیدار بە تێگەیشتن لە ئازادی، بە بنەما گرتووە، بەم پێیە خەباتی دژواری پەکەکە خەباتی بەدەستهێنانی ئازادیی ڕاستەقینەیە بۆ ناسنامەی ژن (چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆزدار ئاڤێستا، قەندیل، 2023/4/18).

بە باوەڕی پەکەکە خۆڕاگریی بێریتان و وەڵامدانەوەی ئەو هێرشە بەم جۆرە، گەورەترین زەبر بووە لە پەیکەری خیانەت و سیخوڕی، هەروەها سەلماندنی خۆڕاگرییە تا دوا وچان لە بەرانبەر کۆسپ و تەگەرەی بەردەم ئازادی، ئەمەش مانای وایە کە ژن خۆی گەیشتووەتە ئاستێکی وەها ئیدی دەتوانێ بە ئەندازەی پێشکەوتنی سوپاش، هێزی فەرمانداری و بەسوپابونی خۆیشی بێنێتە ئاراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسێ ئەرزنجان، قەندیل، 2023/5/11). ئەم چالاکییەی بێریتان لە ماوەیەکی کەم لە تەواوی کوردستان دەنگدانەوەی گەورەی دەبێت، دەبێتە سیمبول و نمونەیەکی جوانی ژنان، کە لە پێناو کوردستان و ژن، خۆی بەدەستەوە نادات، ئیدی ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ بەشداریی پتری ژنان لە ناو پەکەکەدا، تەنانەت بەشێك لە ژنان وەکو کاردانەوەیەك لە بەرانبەر هێرش بۆ سەر پەکەکە و ئەو چالاکییە، چونە ناو ڕیزەکانی گەریلاوە، هەروەها ئەم چالاکییە بووە هۆکارێکی گرنگ تا پتر بیر لە توانای ژن لە شۆڕشدا بکرێتەوە و گرنگیی زیاتر بە هێزی چەکداری ژنان بدرێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ هێزل ئۆزگور، قەندیل، 2023/4/15).

## ٥. ئەنجام

١. عەبدوڵڵا ئۆجالان، وەك سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان، جیاواز لە سەرکردەی پارتەکانی دیکە، هەم لە باکوری کوردستان، هەم لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە گرنگییەوە بایەخی زۆر و تەواوی بە ژن داوە، تیۆر و فیکر و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای تایبەتی لەمەڕ ژن هەیە و خستویەتییە ڕو، تا ژنان بە حەقیقەتی بونی خۆیان بگەنەوە.

٢. عەبدوڵڵا ئۆجالان بە کردار بۆچونەکانی خۆی سەبارەت بە ژن جێبەجێ کردووە، هەر لەبەر ئەوەیە کە لە دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەر یەك لە ساکینە جانسز و کەسیرە یەڵدرم وەك ژن بەشدار بون، هانی داون و ڕێگەی نیشان داون، تا هەوڵەکانیان بۆ بەشداریپێکردنی ژن لەو پارتەدا زیاتر بکەن.

٣. پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ناوەرۆکدا هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەی دا، بەوەی کە نابێت ژن وەك ڕەگەز لە کۆمەڵگەدا سەیر بکرێت و وێنای کۆیلایەتیی پێ بدرێت، بەڵکو دەبێت کۆیلایەتیی ژن بەکۆتا بێت، بەم شێوەیە چەوسانەوە و ئاستەنگی بەردەم ژنان نامێنێت، ئەوجا پێویستە ژن و پیاو لە سەرجەم بوارەکاندا پێکەوە تێکۆشان بکەن، ئینجا کۆمەڵگەیەکی ئازاد بەرهەمدێت.

٤. بەشداریی ژنان لە ناو پارتی کرێکارانی کوردستان، تا ساڵی 1984 بە ڕێژەیەکی بەرچاو نەبوە، چونکە لەو کاتەدا خودی پارتەکە چالاکیی وەهای نەبوە، تا سەرنجی خەڵك و ژنان بە تایبەتی ڕابکێشێت، بەڵام لەگەڵ ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری لە ساڵی 1984 و لە قۆناغی دواتردا ئۆجالان لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی بۆ ژن و بەشداریی ژنان لە ناو پارتەکەدا زیادکرد.

٥. چەکداربونی ژنان بووە دەروازەیەکی باش و هەست و بیری ژنانی دیکەی ناو کۆمەڵگەی وروژاند، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی بەشداربونی پتری ژنان لە ناو پارتەکەدا، بە شێوەیەك ژمارەی ژنان لە نێو ڕیزەکانی گەریلادا چەند هێندە زیادی کرد، بەم شێوەیە ژنان بە تەنیا خۆیان لە ڕیزەکانی پێشەوەی شەڕ و چالاکییەکاندا بە فەرماندەییی ژن بەشدارییان دەکرد.

## لیستی سەرچاوەکان

ئاوریشمی، عەبدوڵڵا (2015): عەبدوڵڵا ئۆجالان و مەسەلەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوین، وەرگێڕانی: سیدۆ داود عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

ئۆجالان، عەبدوڵڵا، (2009): مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیك (مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کێشەکانی دەربازکردنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری) شارستانیەت "سەردەمی خوداوەندە دەمامکدار و پاشا داپۆشراوەکان، وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵڵا، پەرتووکی یەکەم، چاپی سێیەم، بێ شوێنی چاپ.

ئۆجالان، عەبدوڵڵا، (2018): عەشقی کورد، وەرگێڕانی: ئەستێرە عەبدولجەبار، چاپی دووەم، بێ شوێنی چاپ.

ئۆجالان، کۆمیتەی ناوەندی، (2023): سیستەمی زیندانی ئیمراڵی (سیستەمی نێودەوڵەتی تاوان و ئەشکەنجە)، بڵاوکراوەی کۆمیتەی ئازادی ئۆجالان، بێ شوێن چاپ.

ئیبراهیم، مستەفا، (2006): ڕابوونی نەتەوەیی کورد لە تورکیا (1945- 1990)، گوتارێك لە کتێبی: (تورکیا نەبەرد لە پێناو مانەوەدا)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

ئەحمەد- مراد، ئیبراهیم خەلیل (دکتۆر)- خەلیل عەلی (دکتۆر)، (2011): ئێران و تورکیا (توێژینەوەیەك لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، چاپی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئەحمەد، زامدار، (2021): ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سارا، سلێمانی.

ئەحمەد، گەرمیان محەممەد، (2011): پەکەکە دۆستی هەرێمی کوردستان یا دوژمن، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ئەلسوەیدانی، حامد محەممەد تەها، (پ. د)، (2018): کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان و کاریگەری لە پەیوەندییەکانی تورکیا- ڕوسیا (1984- 1999)، وەرگێڕانی: سەلام عەبدولکەریم، وتارێك لە کتێبی: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیادا، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

بولدان، نەژدەت، (2022): ژن د ناڤ پەکەکێ دا، وەرگێڕانی: هۆشەنگ، چاپخانەی دانشفەر، هەولێر.

بەهنان، حەنا عەزۆ (د)، (2018): کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق- تورکیا (1984- 2007)، وەرگێڕانی: د. سەلام عەبدولکەریم، وتارێك لە کتێبی: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیادا، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

جانسز، ساکینە (سارا)، (2022): ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو، وەرگێڕانی: ئارام پێنجوێنی، بەرگی 1، بێ شوێنی چاپ.

جودی، حەسەن، (2008): PKK مێژوویێك لە ئاگر/ بینی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی/ دیمانەیەك لەگەڵ (جەمیل بایك)دا، بڵاوکراوەی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی (پ. ج. د. ك)، بێ شوێنی چاپ.

جودی، حەسەن، (2015): PKK وەك خۆی (دوازدە وانە لە مێژووی تەڤگەری ئاپۆیی)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان، بێ شوێنی چاپ.

جودی، ڕۆستەم، (2022): ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی: نەریمان ئەحمەد، بێ شوێنی چاپ.

جودی، ڕۆستەم، (2022): ئایدیۆلۆژیا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئاوات عوسمان، بێ شوێنی چاپ.

جومعە، هەڤاڵ، (2014): مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

جەلیل، هاوکار محێدین، (2012): دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (1980- 1999)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

داقووقی، ئیبراهیم، (2012): کوردی تورکیا، وەرگێڕانی: هیمەت عەزیز کاکەیی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

زورچەر، ئێریك جەی.، (2011): مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێڕانی: دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

سیروان، دکتۆر، (بێ ساڵی چاپ): د. سیروان سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ، شۆڕشگێڕێکی ڕووناکبیر، بڵاوکراوەی (PCDK)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

سیف الدین، بیار مصطفى، (2009): کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

سەعید، سیڤان، (2018): وەرچەرخانی بزاوتی ڕزگاریخوازی کوردستان لە پەکەکەوە بۆ کەجەکە، وەرگێڕانی: دارا سوبحان، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

غەدیر، غازی فەیسەڵ (پ. د)، (2018): هەڵوێستی حکومەتەکانی تورکیا لە بەرامبەر کێشەی کورد (کۆڵینەوەیەکی مێژووییە/ 1923- 2013)، وەرگێڕانی: بەرزانی مەلا تەها، وتارێك لە کتێبی: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیادا، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

غەریب، دیار، (2021): دیار غەریب (مانیفستۆی کەسێتی ئازاد و شۆڕشگێڕی کوردستان)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەسەن جودی، بەرگی چوارەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

قەیتان، عەلی حەیدەر، (2017): وانەوتاری ڕێباز و ڕژێمی حەقیقەت، وەرگێڕانی: ئارام پێنجوێنی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

کالکان، دوران (هەڤاڵ عەباس)، (2019): کولتوور و ڕەوشتی شۆڕشگێڕی، بێ شوێنی چاپ.

کوچوك، پرۆفیسۆر یالچین، (2011): داستانی ژیانەوە (گفتوگۆی پرۆفیسۆر یالچین کوچوك لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجالان، وەرگێڕانی: ڕۆژنامەی وڵات، چاپی دووەم، بێ شوێنی چاپ.

گەوهەری، حامید، (1999): کۆماری دیموکراتی ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیك و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، چاپخانەی نینا لە ئوپسالا، سوید.

مارکوس، ئەلیزا، (2014): مێژووی پەکەکە (خوێن و باوەڕ، جەنگی پەکەکە و کورد لە پێناو سەربەخۆییدا)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ماجید خەلیل، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

مەرگەیی، نەوزاد، (2016): تیۆری سیاسی لای عەبدوڵڵا ئۆجالان، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

کۆمیتەی ناوەندی PKK، (2022): لە پەنجا ساڵەی لەدایکبوونی بزووتنەوەی ئاپۆییدا، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی کۆمیتەی ناوەندی PKK، بێ شوێنی چاپ.

ئارارات، ئەویندار، (1393): هەڤاڵێتی ڕێبەر ئاپۆ و ژنی ئازاد، مجله آلترناتیو، نشریەی سیاسی، اجتماعی و فرهنگی، ارگان رسمی حزب حیات آزاد کوردستان/ پژاك، سال دهم، دورەی دوم، ژمارە 43.

ئۆجالان، عەبدوڵڵا، (2719): هەڵسەنگاندنی ڕێزدار (عەبدوڵڵا ئۆجالان) سەبارەت بە شەهید بێریتان، گۆڤاری تروسکە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەتە بە ژنان لە باشوری کوردستان، ژمارە 185.

بێریتان، (2717): بێریتان دەنگی بەرخۆدانە لە دژی تەسلیمکاری، گۆڤاری تروسکە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەتە بە ژنان لە باشووری کوردستان، ژمارە 164.

تروسکە، (2014): بێریتان سەرچاوەی بەرخۆدان و تەسلیم نەبوونە لە بەرامبەر هێڵی خیانەت، گۆڤاری تروسکە، گۆڤاری تروسکە، گۆڤاری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری، ژمارە 135.

تروسکە، (2015): بێگومان ژنان کاتێك خاوەن بڕیار دەبن کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکرات مسۆگەر دەبێت، گۆڤارێکی تروسکە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە ژنانە، ژمارە 139.

تروسـکە، (2716): ئەوەی شـەڕ دەکات ئازاد دەبێت و ئەوەی ئازادە جوان دەبێت، گۆڤاری تروسـکە، گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەتە بە ژنان لە باشـووری کوردستان، ژمارە 152.

تروسـکە، (2719): ژیاننامەی گوڵناز کاراتاش، گۆڤاری تروسـکە، گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەتە بە ژنان لە باشووری کوردستان، ژمارە 185.

تروسـکە، (2721): بێریتـان (گوڵنـاز کاراتاش)/ ئەو کچەی حەسرەتی پەنگخواردووی تۆڵەی کۆمەڵکوژی دێرسـیمی لەگەڵ خۆیدا دەگەڕاند!، گۆڤاری تروسـکە، گۆڤارێکی ڕۆشـنبیریی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەت بە ژنە لە باشووری کوردستان، ژمارە 206.

تروسـکە، گۆڤاری، (2722): ئەڤین گۆیی... لە چیاکانی کوردسـتانەوە مۆمی تێکۆشـانی هەڵکرد، گۆڤاری تروسـکە، گۆڤارێکی ڕۆشـنبیریی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەت بە ژنە لە باشووری کوردستان، ژمارە 218.

الجزیرة نت، (2018): ئایا ترەمپ پارتی کرێکارانی کوردستانی فرۆشت؟ وەرگێڕانی: شاناز ڕەمزی هیرانی، گۆڤاری کوردستان دۆپلۆماتیك، سلێمانی، ژمارە 30- 31.

چیا، ئاوارە، (2014): تێکۆشانی ئازادیخوازی ژن لە ناو تەڤگەری پەکەکەدا...، گۆڤاری تروسکە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە ژنانە، ژمارە 136.

الحاج، سـعید (دکتۆر)، (2016): پرۆسـەی ئاشـتی لەگەڵ کوردانی تورکیا لەبەردەم دووڕیاندا، گۆڤاری کوردستان دۆپلۆماتیك، سلێمانی، ژمارە 16- 17.

حەمۆ، باهۆز، (2017): میوزیکی پەکەکە؛ ئەندازیاری شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، وەرگێڕانی: سەرتیپ دلێر، گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە، گۆڤارێکی سیاسی، هزری جڤاکییە، ساڵی دووەم، ژمارە 22.

شـاهۆ، ئامەد، (1395): جەوانان پێشـەنگی شـۆرش و ئازادی، مجلە ژیلەمو، ارگان ڕسمی جامعە جوانان شرق کردستان، نشریەی ایدئولوژیك، سیاسی، اجتماعی و فرهنگی، شمارە 2.

عومەر، نەجیبە، (2718): چالاکییەکەی شـەهید بێریتان تروسـکاییەکە بۆ ئازادی ژنانی باشـوور، گۆڤاری تروسـکە، گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەتە بە ژنان لە باشووری کوردستان، ژمارە 174.

عەبدولکەریم، سـەلام، (2013): هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی سـیاسی پارتی کرێکارانی کوردسـتان، گۆڤاری کۆچ- وەرزە گۆڤارێکی ڕوناکبیرییە گرنگی بە بواری لێکۆڵینەوە دەدات، ژمارە 18 و 19.

عەلی، بوشرا، (2018): نەورۆز سـەرلەنوێ ڤەژینی ژنانی کوردە، گۆڤاری تروسـکە، گۆڤاری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری، ژمارە 168.

قەرەداغی، نەجیبە، (2717): پێویسـتە خۆبوون بکەینە فەلسـەفەی سـەرەکی ئازادی، گۆڤاری تروسـکە، گۆڤارێکی ڕۆشـنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەتە بە ژنان لە باشـووری کوردستان، ژمارە 164.

قەرەداغی، نەجیبە، (2720): شـۆڕشی ئازادی ژنی کورد شـۆڕشـە لە ناو شـۆڕشی ئازادی کوردستاندا، گۆڤاری تروسکە، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هزری تایبەتە بە ژنان لە باشووری کوردستان، ژمارە 198.

کەریم، سابیر عەبدوڵڵا (2018): لێکچوونی ئەزموون و چارەنووسی فارك، پڵنگەکانی تامیل، تۆپاك ئامارۆ و پەکەکە لە ستراتیژی و سیاسەتی ئەمریکادا، گۆڤاری کوردستان دۆپلۆماتیك، سلێمانی، ژمارە 30- 31.

گەریلا، قەڵەمی، (1401): ئەسـتێرە لە دڵەوە باوەڕی هێنا بە ئەفسـوونی گەریلا، مجلە آلترناتیو، مجلەی سیاسی، ایدیولوژیك و اجتماعی، ارگان ڕسمی حزب حیات آزاد کوردستان/ پژاك، سال دوازدهم، دورەی سوم، ژمارە 15.

عەبدوڵڵا- عەزیز، سەلام عەبدولکەریم- ڕەنجدەر محەممەد، (2022): کێشـەی کورد لە پەیوەندییەکانی تورکیا و سـووریا لە ڕوانگەی ئاسـایشـی نەتەوەیی و ئاسـایشـی ئاوییەوە (1987- 1992)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی 9، ژمارە 4.

**چاوپێکەوتنەکان:**

چاوپێکەوتن لەگەڵ شەرڤین قەرار، قەندیل، 2023/4/4، گەریلای ژن.

چاوپێکەوتن لەگەڵ زەمیان دەنیز، قەندیل، 2023/4/15. گەریلای ژن.

چاوپێکەوتن لەگەڵ هێزل ئۆزگور، قەنـدیـل، 2023/4/15. ئەنـدامی ئەنجوومەنی فەرمـانـدەیی یەژاستار.

چاوپێکەوتن لەگەڵ سـۆزدار ئاڤێسـتا، قەندیل، 2023/4/18. ئەندامی دەسـتەی بەڕێوەبەریی کەجەکە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسـەن جودی، کەرکوك، 2023/2/5. نووسـەر و توێژەر لە چوارچێوەی پرسەکانی تایبەت بە پەکەکە/ کەجەکە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ شـەرڤین دەلیل، سـلێمانی، 2023/5/14. ئەندامی ئەنجومەنی گشـتی پەیەدە و بەرپرسی ڕێکخستنی پەیەدە لە باشووری کوردستان

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسـێ هۆزات، قەندیل، 2023/5/26. هاوسـەرۆکی دەسـتەی بەڕێوەبەری کەجەکە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ نەعام ئەلیاس، قەندیل، 2023/5/26. ئەندامی تەڤگەری ئازادی ژن.

چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆزان دێرک، قەنـدیـل، 2023/6/29. نوێنەری پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (پەیەدە) لە ئەورووپا.

چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجیبە عومەر، قەنـدیـل، 2023/7/22. هـاوسـەرۆکی پێشـووی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسێ ئەرزنجان، قەندیل، 2023/5/11. ئەندامی کۆردیناسیۆنی کەژەکە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژدا عەفرین، قەندیل، 2023/2/12. فەرماندارێکی یەکینەکانی پاراسـتنی ژنان (یەپەژە).

## پەراوێزەکان

[1] . ساکینە چانسز: ساکینە جانسز، ناسراو بە سارا، لە 12ی شوباتی ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی تەختی خەلیل لای دەرسیم، لە بنەماڵەیەکی کوردی عەلەوی لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە دەرسیم و دواناوەندی لە فێرگەی تونجەلی تەواوکردووە. بە مەبەستی خوێندنی زانکۆ چووەتە ئەزمیر. لە سەرەتای حەفتاکاندا تێکەڵی سیاسەت بووە و ساڵی 1978 لە دامەزراندنی پەکەکە بەشدار بووە؛ لە زۆربەی خوپیشاندان و ڕێپێوان و چالاکییە ناوخۆییەکانی دەرسیم بەشداریی کردووە؛ لە سەروبەندی کودەتای ساڵی ١٩٨٠، بە تاوانی تیرۆر دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانی ئامەد، تا ساڵی ١٩٩١ لە زیندانەکانی (ئەلعەزیز، مالاتیا، ئامەد، بورسا، چەناککە) بووە، بەڵام زیاتر لە زیندانی دیاربەکر بووە؛ دوای ئازادکردنی چووەتە قەندیل. ساڵی 1998 بە مەبەستی ڕێکخستن و خەبات دەچێتە فەرەنسا، دواجار لە 9ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ دو هاوڕێی دیکەی بە ناوەکانی (فیدان دۆغان، نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) و لەیلا سۆیلەمەز، ئەندامی ناوەندی ڕاگەیاندنی کوردی لە پاریس) لە پاریس، لە ئەنجامی هێرشێکی چەکداری بە دوازدە فیشەک تیرۆردەکرێن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ئەحمەد، 2021: 118- 134؛ چانسز، ب 1، 2022: 17- 18).

[2] . سەرەڕای ئەوەی کەسیرە تا ڕادەیەك بۆ پەکەکە گرفت بووە، بەڵام بونی لە ناو ئەو پارتەدا بووە هۆی وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە ناو پارتەکەدا، تەنانەت کاریگەریی زۆریشی لە سەر ئۆجالان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp137-146

هەبوو، هەر وەك گوتویەتی: کەسیرە یەکێك بووە لە گەورەترین مامۆستاکانم، بەڵام مامۆستایەکی توند و تورە (مارکوس، 2014: 73). لە ئەنجامی کەسیرەوە ئۆجالان دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ژنێك تا ئەو ڕادەیە تەنگەتاوی بکات، پێویستە لە سەری ڕاستیی ژن بزانێت، جا بە پێی ئەم چەمکە کەسیرە بە مامۆستای گەورەی خۆی دەژمێرێت، بەڵام بە ڕێگایەکی پێچەوانە (کۆچوك، 2011: 102)، چونکە باوەڕی وایە تا ڕادەیەك پێچەوانەی یاسایە کە کچێکی گەنج هێندە مەترسیدار بێت، گەرچی ئەو ژنەی (کەسیرە) کە من تاوتوێم کرد، تا ڕادەیەك وەك بیرێکی بێ بن بوو، بەڵام بڕوا ناکەم ئەم کچە بەم ڕەنگە بێت، دەتوانین بڵێین کە کچێکی هەژار و بێبەرییە (ئۆجالان، 2018: 323). دیارە هەوڵدانی ئۆجالان بۆ تێگەیشتن لە ژن و وردبوونەوە لێی، پەیوەستە بە بونی کەسیرەوە لە ناو پەکەکەدا، بەڵام لە تەواوی نوسینەکانیدا بە هیچ شێوەیەك بە نەرێنی باس لە کەسیرە ناکات، هەمیشە خاڵێکی ئەرێنی بە نمونە دەهێنێتەوە، پێدەچێت ئەمە پەیوەست بێ بە ئایدیۆلۆژیای ئۆجالان سەبارەت بە ژن.

[3] . لە کۆتایی حەفتاکاندا توندوتیژیی سیاسی بوبوە کێشەیەکی گەورە بۆ تورکیا، ژمارەیەك لە گروپە لاوە توندڕەوەکانی چەپگەرا و گورگە بۆرەکان و دەمارگیرە نەتەوەپەرستە ڕاسترەوەکان بۆ دەسەڵات گرتنە دەستی شەقام و زانکۆکان لە ململانێ و کێشمەکێشدا بون، لە نێو ئەو توندوتیژییە سیاسییەدا هەزاران کەس بونە قوربانی، هەروەها لە کۆتایی ساڵی 1979 و 1980 باڵی چەپ و ڕاست بە تەواوی لە ململانێدا بوون و یەکتریان دەکوشت، بە هۆی ئەو دۆخەی تورکیا تێیکەوتبوو لە 12ی ئەیلوولی ساڵی 1980 سوپا کودەتای دووەمی خۆی لە مێژوی تورکیادا ئەنجامدا (ئەحمەد- مراد، 2011: 354؛ زورچەر، 2011: 85- 87).

[4] . لە ئەدەبیاتی پەکەکەدا بە گۆڕەپانی ڕێبەرایەتی ناوی دەهێنرێت.

[5] . مەعسووم قۆرقماز: ناسراو بە عەگید، ساڵی 1956 لە شارۆچکەی فارقینی ئامەد لەدایکبووە، ساڵی 1976 لە ڕێی مەزلوم دۆغانەوە پەیوەندیی بە گروپی ئاپۆچییەتی کردووە، دوای کودەتای ساڵی 1980 بە مەبەستی بەشداربون لە پەروەردە دەچێتە دۆڵی بیقاعی لوبنان، لەگەڵ محەممەد قەرەسونگور یەکەم گروپن کە لە ساڵی 1981 دەچنە هەرێمی برادۆست و دەست بە تێکۆشان دەکەن، ساڵی 1982 وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت، سەرپەرشتیاری دەستپێکی شۆڕشی چەکداری پەکەکە بووە، لە 28ی ئاداری ساڵی 1986 لە چیای گاباری هەرێمی بۆتان دەکوژرێت و تەرمەکەی لە لایەن هێزی بەرانبەر بزر دەکرێت. لە: (ئۆجالان، 2009: 358- 359؛ غەریب، ب 4، 2021: 181؛ PKK، 2022: 102) وەرگیراوە.

[6] . ئەکادیمیای مەعسوم قۆرقماز: ئەکادیمیایی پەکەکە بو، تێیدا پەروەردەی فیکری، سیاسی و عەسکەری بەڕێوەدەچو، شوێنی ئەو ئەکادیمیایە لە دۆڵی بیقاعی لوبنان بو، لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا پەکەکە بە هاوکاریی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە فەڵەستینییەکان دایمەزراند. لە دوای کوژرانی عەگید مەعسوم قۆرقماز و وەرگرتنی بڕیاری بەسوپاییبون و دامەزراندنی (ERGK) لە کۆنگرەی سێیەمدا و لە ساڵی 1986دا وەك ڕێزێك، ئەم ئەکادیمییەی بە ناوەوە کرا، ساڵی 1992 لە ژێر فشاری ئەمریکا و تورکیا بۆ سەر لوبنان، ئەکادیمیاییەکە داخرا (جودی، 2008: 728).

[7] . دۆڵی بیقاع: هەرێمێکی لوبنانە، ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی سوریادا بو، پەکەکە لەو دۆڵە بنکە و بارەگای سەربازیی هەبو. لە: (بولدان، 2022: 162) وەرگیراوە.

[8] . گوڵناز کاراتاش (قەرەتاش): ناسراو بە بێریتان هێڤی، ساڵی 1971 لە شاری دێرسیم لەدایکبووە. قۆناغی سەرەتایی لە شاری ئەلازیخ تەواوکردووە، ساڵی 1989 لە بەشی زانستی ئابوریی زانکۆی ئەستەنبوڵ دەستی بە خوێندن کردووە، یەکێك لەو خوێندکارانە بووە کە حەزێکی زۆری بۆ خوێندنەوە هەبوە، ساڵی 1990 لەگەڵ دەستگیرانەکەی پەیوەندی بە پەکەکەوە دەکەن، دواجار لە 25ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1992دا لە شەڕێکدا بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست هێزی بەرانبەر لە چیاوە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و گیان لەدەست دەدات. لە: (تروسکە، ژ 135، 2014: 26؛ تروسکە، ژ 152، 2716: 37؛ تروسکە، ژ 185، 2719: 44؛ تروسکە، ژ 206، 2721، 42؛ غەریب، ب 4، 2021: 187؛ PKK، 2022: 124) وەرگیراوە.

[9] . بنەفش ئاگال: ناسراو بە بێریڤان، ساڵی 1966 لە شارۆچکەی بشێری سەر بە پارێزگای باتمان لە باکوری کوردستان لەدایکبووە، لە بنەچەدا ئێزدییە، لە دوای کودەتای 12ی ئەیلولی ساڵی 1980ی تورکیا بنەماڵەکەیان لەبەر زوڵمی دەوڵەتی تورك چونە ئەوروپا، دواتر بە مەبەستی بەشداریکردن لە ڕیزەکانی پەکەکە، دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ساڵی 1989 دەکوژرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (عەلی، ژ 168، 2018: 43).